www.kurdistannet.org
22-3-2002 2:45

# هەڵەبجە زامێکی سارێژ نەکراو

**گۆران هەڵە بجەیی**

**لەنێوکۆمەڵگا شارستانیەکاندا ,کەمرۆڤ گەورەترین سەرماییە ,کە بەها جوانەکانی مرۆڤ لە ئامێز دەگیرێن,کە گشت تواناو وزەکان وەگەڕدەخرێن بۆ بونیادنانی کەسایەتی سودمەندوکارامەوتەندروست , لەوێدا دەمێك تاکێك ,کۆمەڵێك ,خێزانێك ,گەڕەکێك دوچاری کارەساتێك دەبێتەوە,سروشتی یاناسروشتی. ئەوەدەمە دەسەڵاتداران وبەرپرسان هەوڵەدەن ئاسەوارەکانیکارەساتەکە لەسەرکەسەکان کەم بکەنەوە .**

**ئەویش بەگرنگیدان پێیان ,بەقەرەبووی زیانە ماڵیەکانیان,بەسارێژکردنیئازارە جەستەیی ودەروونیەکانیان,بەدابینکردنی گوزەرانێکی چاکترو خۆشتربۆیان. بەڵام لەنێو کۆمەڵگا پاشکەوتووەکاندا کەمرۆڤ بێنرخترین بوونەوەرە ,کارەکە تەواو بە پێچەوانەوەیە . لەهەندێ حاڵەتی دەگمەن و تایبەتی دا نەبێت کە سوکە یارمەتییەك پێشکەش بە لێقەوماوەکان دەکرێت ,دەنا لەزۆربەی حاڵەتدا پشتگوێ دەخرێن تالەنێوئازاروگرفتەکانیاندا بژین. کەئەمەش بۆخۆی هێندەی دیکە باری سەرشانیان گرانتردەکات, بێئومێدیان دەکات, باوەڕیان بەئایندەو ژینێکی نوێ کزدەکات. لەئاکامدا هێدی هێدی تەسلیم بەو واقعە تاڵەدەبن کە ئێژێ ئەمە گوزەرانتانەو ئیدی چاوەڕێی هیچ مەبن . کارەساتی کیمیابارانی هەڵە بجە نە بەسەر کەسێك نە بەسەر گەڕەکێکیشدا هات, بەڵکو بەسەرشارێکی مەزنداهات . نەدوێ نە پێرێ نەچەندمانگێك لەمەوبەر ڕویداوە بەڵکو چواردەساڵ لەمەوبەر ڕویداوە بەڵێ {چواردەساڵ لەمەوبەر} . چواردەساڵە بنەماڵەی شەهیدەکان ,هەڵبجەییەکان شارەکە بەگشتی لەنێو تراژیدیاکەدا دەژین. کارەساتەکە بەردەوام کاری خۆی دەکات لەسەریان ,ئازاریان دەدات,لەخوێن وهەست وژیان وتەندروستیان دەمژێت,جەستەیان کوندەکات. پاش تێپەڕبوونی هێندەساڵ ئەوانەی لەنێو کا رەساتەکەدا بووگن یائەوانەی ئازیزانیان لەدەستداوە,بێگومان ناتوانن ئاسایی بژین بیربکەنەوە.گەر سوکە ڕوداوێك ڕوبدات ئەوە تا چەند ڕۆژێك بگرە تاچەند مانگێکیش کاریگەریەتی لەسەرکەسەکان دەمێنێت .ئیدی کارەساتێکی ئەوها بێ وێنەو بێ هاوتا لەدڕندەیدا دەبێ چ ئاسەوارێکی لەسەر مرۆڤەکان جێهێشتبێت؟**

**بەسوکە گەڕانێك بەناو شارەکەدا بەئاشکرا وەدیاردەکەوێت کە تاچ ڕادەیەك شارەکە دواکەوتووە ,پشتگوێ خراوە ,پەراوێزکەوتووە .ئەمەش لەکەلاوەکاندا ,لەخانوە پەڕپوتەکاندا,لە پەککەوتەو نەخۆشەکانیکیمیاییەکەدا, لەکەمی دەرمان وپێویستییەکانی تەندروستیدا,لە هەژاری وبێکاریدا, لەسیمای ماندووجەستەی شەکەتی کەسەکاندا,لەبەدخۆراکی وچاوی بێپریشك وبێبزەی منداڵاندا,لەئاهی قوڵ وفرمێسکی ئافرەتاندا هەستی پێدەکرێت. ئەوەی تائێستا بۆئەوشارەکراوە زۆرکەمەو لەئاستی ئەوکارەساتە مەزنەدانییە کە بەسەری هاتوو. لەقەرەبووی کارەساتەکەدا دەبوو ئێستا ماڵیان لە زێڕ وپۆشاکیان لەئاوریشم وخواردنییان پادشایانە بووایە. بەڵام وەك هاوڕێ وهاوشاریم کاك عومەرعینایەت گووتی ﴿شتی ئوستۆقراتیان بۆمەکەن,بەڵکو پێویستیە سەرەتایی وسادەکانی ژیانیان بۆ دابین بکەن کە لەشارەکەدا بوونی نییە﴾**

**تەنانەت تا ماوەیەك لەمەوبەریش شەهیدەکانی شارەکە لەلیستی شەهیداندا نەبوون ,وەبەم دوایانە شەهیدانە بۆ بنەماڵەکانیان بڕایەوە. سەیرلەوەدایە سەرجەم لایەنەکان حزبە دەسەڵاتدارەکان,بەرپرسانی شارەکە, تەنانەت دەزگا پەیوەندیدارو خێرخوازیە جیهانیەکانیش {UN} ئەوەنەی لەکوردستان کاردەکەن هەموو لەسەرئەوە کۆکن کەشارەکە دواکەوتووەو پێویستی بەدەستی یارمەتی هەیە. سەیرترئەوەیە هیچکام لەو لایەنانە خۆیان بەرپرس و کەمتەرخەم نازانن**

**لەوڕووەوە. لێ ئەوەی ڕونە هەڵە بجە بووەتە قوربانی ململانێی سیاسی و بەرژەوەندی تەسکی حیزبایەتی. دەنا کودەبێ وە چ یاساو ڕێسایەك پەسەندی دەکات شارێك بەدانیشتوانەکەیەوە پاش ئەو تراژیدیا مەزنە دووربێت لەدەستی یارمەتی و لە پەراوێزی خەمەکانیدا سەربنێتەوە. پاش ئەو گۆڕانکاریانەی بەم دواییانە لەدەڤەرەکە ڕویدا بەهیوام ئاوڕێکی جددی لەشارەکە بدرێتەوە.**

**دانیمارك**